# له سیاسه‌تی ڕێبه‌رانی باشووری کوردستان دا "هه‌م شیش ده‌سووتی و هه‌م که‌باب"

## خه‌لیل غه‌زه‌ڵی



هێرشی ئامریکا بۆ سه‌ر جاسووسخانه‌ی حکوومه‌تی ئێران له هه‌ولێر که له‌ژێر ناوی "ده‌فته‌ری نوێنه‌رایه‌تیی ئێران" کاری ده‌کرد، ئێستا ئێتر بووه‌ته چه‌ق و له ملی ڕێبه‌رانی باشوری کوردستان ئاڵاوه. ڕه‌نگه ئێستا بۆ زۆر که‌س ده‌رکه‌وتبێت که ئه‌و ڕووداوه چه‌ندین لایه‌نی هه‌بووه که بریتین له ده‌مکوت کردنی حکوومه‌تی ئێران، ویشک کردنی ئیمکانێکی جاسووسی و ئیتڵاعاتی ئاخونده‌کان، دابڕانی به‌شێک له پێوه‌ندییه تیروریستییه‌کانی ناو باشووری کوردستان و ئێراق و بۆ ئیمه‌ی کورد، له‌وانه گرینگتر هوشدارێکی دیکه به ده‌سه‌ڵاتی کوردی و ڕێبه‌رانی باشوور بوو که چی دیکه له‌ناڵ و بزمار دانیان لێ قه‌بووڵ ناکرێت. گه‌ریش مه‌به‌ستی ئامریکا ئه‌وه نه‌بووبێ( که به‌باوه‌ڕی من ئه‌و ئامانجه‌شی ڕه‌چاوکردووه) ئێستا ئێتر ئه‌م ڕێبه‌رانه که‌وتوونه هه‌لومه‌رجێکه‌وه که ده‌بێ چاو به هه‌ڵوێسته‌کانی تا ئێستای خۆیاندا بخشێننه‌وه. واتا ئێتر ئامریکا ئه‌و ڕێبازه‌ی تا ئێستایان لێ قه‌بووڵ ناکات.

گه‌ر له‌بیرمان بێت پاش سه‌فه‌ره په‌یتا په‌یتا کانی مام جه‌لال بۆ ئێران و هه‌ڵدان به شان و باڵی ڕیبه‌رانی زیندوو و مردووی ده‌سه‌ڵاتدارانی ئه‌و وڵاته ، ئامریکا که خۆی تاڵه‌بانیی له هه‌لومه‌رجی ئیمرۆی(واتا سه‌رۆککۆماری)دا داناوه، نه‌یده‌توانی ئه‌و سیاسه‌ته قه‌بووڵ بکات. ئه‌وه بوو ماوه‌یه‌ک پێش، سێ(3) کاربه‌ده‌ستی پایه‌به‌رزی ئێرانی (که پاسپۆرتی دیپلوماتیکیشیان بۆ ساز کرابوو) که میوانی تاڵه‌بانی ده‌بن، هێزه‌کانی ئامریکا له په‌لامارێک بۆ خانووی "عه‌بدول عه‌زیز حه‌کیم"دا ده‌یانگرن. که پاش چه‌ند ڕۆژ ئازادیان ده‌که‌ن. هه‌ر ئه‌و کات مام جه‌لال له نێو دووڕیاندا گیری کردبوو. ئه‌وه‌بوو خۆی هیچی له‌ده‌م ده‌رنه‌هات و ته‌نیا که‌سێک به‌ناوی "قسه‌که‌ری سه‌رۆککۆمار" سووکه ئیعترازێکی کرد. گه‌رچی دانوساندنه نهێنییه‌کان له ئێمه ڕوون نین، به‌ڵام بێگومان ئامریکاییه‌کان هه‌ڕه‌شه‌ی خۆیان له تاڵه‌بانی کردووه و ئه‌و هێرشه‌ی ڕۆژی پێنج شه‌ممه‌ش بۆ سه‌ر جاسووسخانه‌ی ئێران له هه‌ولێر هه‌ر له‌و پێوه‌ندییه‌دا ده‌بێ چاو لێبکرێت.

ئه‌لبه‌ت ئه‌مه ڕێبازی تازه‌ی ئامریکا له ئێراق به‌حیساب دێت و نیشانه‌کانی ئه‌وه ده‌سه‌لمێنن که ئامریکا له‌و سیاسه‌ته عه‌شیره‌ییه‌ی ڕێبه‌رانی باشوور نه‌ک هه‌ر ڕازی نییه، به‌ڵکوو تووڕه‌شه. چونکه ئه‌و پێوه‌ندییه‌ی که هه‌ردوو پارتی سه‌ره‌کیی باشوور له‌گه‌ڵ حکوومه‌تی ئێران هه‌یانه ،به‌هیچ پێوه‌رێک به پێوه‌ندییه‌کی دیپلوماتیک حیساب ناکرێت و زۆرتر شێوه سیاسه‌تێکی هه‌لپه‌رستانه‌ی "نه‌سووتانی شیش و که‌بابه" که مێژوو نیشانی داوه له‌م شێوه سیاسه‌ته‌دا سه‌ره‌نجام "هه‌م شیش ده‌سووتێ و هه‌م که‌باب". که زیانه‌که‌شی گه‌لی کوردی هه‌ژار ده‌یبینێ.

چوونکه ئێمه گه‌ر بێتوو هێندێک به‌رفراوانتر بیر بکه‌ینه‌وه و له سیاسه‌تی خێڵه‌کیی هێندێک حیزبی کوردی دوورتر بڕوانین و چاو له سیاسه‌تی جیهانی بکه‌ین، ده‌زانین که هاوپه‌یمانه‌تی له‌گه‌ڵ هه‌ر جه‌مسه‌رێکی سیاسی، ده‌بێ له‌سه‌ر ئیعتماد و ساق بوونه‌وه پێک بێت. به‌ڵام به‌و ڕێبازه‌ی که ڕێبه‌رانی باشوور گرتوویانه‌ته پێش، ئه‌و ئیعتماده نه‌ک هه‌ر

پێک نەهاتووە، بەڵکە ڕاپۆرتەکەی بەیکر و هەڵوێستەکانی ئامریکا دەریدەخات کە تا دێت بایەخی کورد لایان کەم دەبێتەوە. کە ئەوەش هیچ نییە مەگەر فەشەل هێنانی ئەو سیاسەتەی کە تا ئێستا هەردوو هێزی دەسەڵاتداری باشوور ڕەچاویان کردووە.
گەرچی ڕێباز و سیاسەتی هیزەکانی باشووری کوردستان بە قەولی خۆیان لە سەر ڕاگرتنی پارسەنگی هێزەکانە، بەڵام بە باوەڕی کۆمەڵانی خەڵک ئەو ڕێبازە زۆرتر بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات بووە تا بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد. چوونکە ئەو شێوە لە دانوساندن و دەستەو سینە وەستان بۆ حکوومەتی ئێران (ئەویش لە کاتێکدا کە خۆیان بە هاوپەیمانی ئامریکا دەزانن) بەتەواوی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئامریکا و تەنانەت گەلی کوردیش دژایەتیی هەیە. ئەگەرچی ئەوە بەو مانا نییە کە بەرژەوەندیی کورد ئامریکا بەیەک بزانین. بۆیە نەک ئامریکا بەڵکە هیچ هێزێک ناتوانێ باوەڕ و متمانە بە "هاوپەیمانێکی" ئەوتۆ بکات. بەداخەوە ئەو سیاسەتەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوور، لەبەر ئەوەی ڕێسمەی سیاسیی ئەم بەشەی کوردستانی بەدەستەوەیە، هۆکارێکی گەورەیە کە سیاسەتی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەهیچ بگیرێت و لە دانوساندن و دابەشکردنە جیهانییەکاندا وەک هەمیشە سەری بێ‌کڵاو بمێنێتەوە.
دیارە باسەکەی من لەسەر هەڵە بوونی سیاسەت و ڕێبازی هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشوورە، ئەگینا پێم وا نییە کە حکوومەتی ئامریکا و بەتایبەت سەرۆککۆمارەکەی، خێرخوازی گەلی کورد بن. ئامریکا شوێن بەرژەوەندیی خۆی کەوتووە و پارەی بۆ خەرج دەکات و کوڕی خۆی بۆ بەکوشت دەدات و لەو پێناوەدا چاو لە بەرژەوەندیی دانیشتوانی ناوچەکە و لەوانە گەلی کورد ناکات، مەگەر ئەوەی کورد خۆی بتوانێ کێش و قورسایی خۆی لە مەیدانی سیاسەتدا بسەپێنێ کە ئەویش تەنیا بە <u>لەمەیداندابوونی جەماوەر و کونکرێت کردنی داخوازەکانی لە داواکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی دایە.</u>

بەفرانباری 2706